# ڕامانێک بۆ ڕامان

تاریق ساڵح

ڕامان لەنێو کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ناوێکی درەوشاوەیە و سەنگ و پێگەی زانستیی و ئەدەبی خۆی هەیە، هەمیشە وەك گۆڤارێکی دانسقە و سەنگین هەژمار دەکرێت، دەکرێت بۆ زۆر بابەتی ئەدەبی و هزری وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو پشتی پێ دەبەسترێت، ناوەڕۆکی گۆڤاری ڕامان بەشێوەیەکی زۆر لێزانانە دابەشی سەر چەندان تەوەری گرنگ کراوە، لەوانە سەروتار، کە هەرجارەی سەرنووسەر لە تیشکە نیگایەکەوە شەنوکەوی بابەتێك دەکات و پێشنیار و چارەسەر بۆ ئەو بابەتە دەخاتەڕوو، کە کەلێنێك لەنێو ڕۆژنامەوانی کوردی پڕ دەکەنەوە، یان لانی کەم بابەتێك دەورووژێنێ کە خەمی کۆمەڵگایە نەك تاکە کەسێك، دواتر ڕامان کۆمەڵێ دەق پێشکەش دەکات، کە دەقنووسەکان خامە ڕەنگینانی وڵاتن لەناوەوەو دەرەوە، ئەوجا گۆڤاری ڕامان لە هەر ژمارەیەکیدا هەڤپەیڤنێك لەگەڵ ئەدیبێك و خامە بەدەستێك سازدەکات، کە ئەوەش دەبێتە ئەرشیڤێك بۆ نێو مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی.

گۆڤاری ڕامان زۆر لایەنی تری ئەدەبی دەخاتەڕوو وەك ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و هزر و فەلسەفە و ڕۆژنامەنووسی و زمانناسی و مێژوو و وتار، تەنانەت بابەتی هونەریشی پشتگوێ نەخستووە، لە هەر ژمارەیەکیشدا خوێندنەوەی کتێب دەخاتەڕوو و نرخاندنیش دەکات و دوا تەوەر تەوەری سووکە لەنگەرە کە لەنگەرگرتنێکی قورسە نەك سووکە لەنگەر، تێیدا تیشکی نیگا دەخرێتە سەر بابەتێکی هەستیار و سەرنجڕاکێش.

گۆڤاری ڕامان لە سەرەتای دەرچوونییەوە تا ئێستا خاوەن چەندان خەسڵەت و تایبەتمەندییە، کە بۆی بووە بە شوناسێکی دەوڵەمەند و پێی دەناسرێتەوە، لەم تایبەتمەندییانەش:

١- ڕامان سنووری پارچەیەکی کوردستانی

بڕیوەو پەلی هاویشتووە بۆ تەواوی پارچەکانی کوردستان و کوردانی تاراوگە لەدەرەوە.

٢- یەکێک لە مۆرکە هەرە گرنگ و تایبەتییەکانی گۆڤاری ڕامان ئەوەیە، کە خاوەنی زمانێکی ئەدەبی ڕەوانە و ڕێنووسێکی زانستی بەکار دەهێنێ، کە لە سەرەتای دەرچوونییەوە لەسەر هەمان ڕێچکەی خۆی دەڕوات.

٣- پەیڕەوکردنی ڕێنووسێکی زانستی و یەکگرتوو کە لەبنچینەدا بووەتە هۆیەك بۆ ئەوەی زمانێکی پاراو بە ئەلفوبێیەکی بەدروست بێتە بەکارهێنان، هەر ئەمەش دەکرێ وەك بناغەیەك بۆ دروستبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو سوودی لێوەربگیرێ.

٤- گۆڤاری ڕامان بەو پێگەیەی هەیەتی، وەك گۆڤارێکی زانستی خۆی دەنوێنێ.

٥- ڕامان پردی پێوەندی و پەڕینەوەی سنوورەکانی بەزاندووە و خاوەن خوێنەری دەستەبژێری تایبەت بەخۆیەتی.

٦- ڕامان خۆی بەدوور گرتووە لە بابەتی سواو و دووبارە و کرچوکاڵ، هەمیشە جەخت لەبابەتی گرنگ دەکاتەوە، دەخزێتە نێو کونوکەلەبەری کەلەپووری نەتەوە و جارێکی تر بە ڕوانینێکی تر دەیانخاتەوەڕوو، بەواتایەکی تر تیشك دەخاتە سەر ئەو لایەنانەی کە لایان لێ نەکراوەتەوە.

٧- لەڕووی فەرهەنگ و وشە و زاراوەوە زمانێکی دەوڵەمەندە.

٨- لەتەواوی بابەتەکانیدا ئاماژەدان بە سەرچاوەکان یەکێکە لە خەسڵەتە باشەکانی ئەم گۆڤارە، بەمە پێگەی خۆی سەنگینترکردووە.

گۆڤاری ڕامان، ڕامانێکی ورد بەنێو ڕۆژنامەوانیی کوردیدا کردووە و هەمیشە لە دەرگا داخراوەکان دەدات و بەکراوەیی دەیانهێڵێتەوە بۆئەوەی بەرچاوی خوێنەر ڕوون بێت و ئاشنای مێژوو و ئەدەبیاتی نەتەوەکەی خۆی و جیهانیش بێت بەهۆی ئەوەی ڕامان گرنگی بە بابەتی وەرگێڕدراویش دەدات، ئەمەش بووەتە هۆی ئاشنابوونی زیاتر بە ئەدەبیاتی گەلان.

ماویەتی بڵێین دەستخۆشی بۆ ستاف و دەستەی بەڕێوەبەری ئەم گۆڤارە، بەتایبەتی نووسەری گەورە ئازاد عەبدولواحید، وەك سەرنووسەری گۆڤارەکە ئەرك و ماندووبوون و شەونخوونی زۆری لەپێناویدا چەشتووە، هەروەها کاك سەرکەوت وەلی وەك بەڕێوەبەری هونەری بەم خولق و سەلیقەیەی هەیەتی ئەرکێکی زۆری کێشاوە. هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، ئومێد دەکەم هەر لە لووتکەدا بن، وەك خۆیان و گۆڤارەکە هەمیشە لە لووتکەدان.